www.kurdistannet.org
08/05/2002 18:51

(ناوەندی هاڤیبون بۆ لێکۆڵینەوەو بڵاوکردنەوە لە بەرلین)

ڕۆژی ٢٢/٦/ ٢٠٠٢ لە شاری بەرلین, کۆنفرانسێکی تایبەت لە ژێر ناوونیشانی:

## ( سیاسەتی پاکسازی نەژادی ڕژێمی عیراق لە ناوچەی کەرکوک دا)

لە ژێر سەرپەرشتی دکتۆر نوری تاڵەبانی سازدەکات. پاشانیش سەرجەم باسەکان لە ناو فایلێکی تایبەتی گۆڤاری هاڤیبون بلاودەکرێتەوە.
داوا لە نووسەران و پسپۆرانی کورد لە کوردستان و هەندەران دەکەین. باسەکانیان ڕاستەوخۆ بۆ ناوونیشانی بەڕێز تاڵەبانی بنێرن. بەم ناونیشانەی خوارەوە:

Dr. Nuori Talebany
P.O. Box 479
Sutton , Surrey SM 2-6 ZF
UK.

ناونیشانی کۆنفرانس:

ناوەندی هاڤیبون- بەرلین
Telephon: 00 49-173 609 4269
Fax: 00 49 30 4645 65 31
Email: havibun@havibun.com
Havibun@web.de

---

ناوەندی پێنی نێودەوڵەتی: ناسراو بە : PEN International, لە ئەمریکا خەڵاتی پێنی نابۆکۆف –ی بە نووسەری پێرۆڤی , ( ماریۆ ڤارگاس لیۆسا )لە نیۆرك بەخشیی. دیارە ئەم خەڵاتەش بەو نووسەرە بیانیانە دەبەخشرێت، کە کتێب لە ئینگلیزی وە بۆ سەر زمانی خۆیان وەردەگێڕن. بەهای ئەم خەڵاتە بە ٢٢ هەزار دۆلار دەخەمڵێنرت. دیارە دامەزراندنی دەزگاکانی وەرگێڕان گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە.
ئەمڕۆکە لە کوردستان چەندیین بەرهەم و ڕومان وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی , بەڵام هەموویان لەناو بێدەنگی نێودەوڵەتی دەمێننەوە.

---

ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی لە فینلەندە و لە هلسنکی پایتەختدا,
کۆڕێکی شیعرخوێندنەوە بۆ شاعیران,مەهدی خەمبار– وریا مەزهەر – ڕێبوار کەریمی – درەخشان عەلی –حەسەن زەکی سازدەکات, ڕۆژی شوەمەی ١١-٥-٢٠٠٢ وە دیارە لە فینلندە ناوەندی ڕۆشنبیری یەکەمیین ناوەندی ڕۆشنبیری سەربەخۆیە کە کاری ئەدەبی و فیکری کوردی سازدەکەن.

---

لە سوێد – ستۆکهۆڵم ژمارە حەوتی گۆڤاری ئەکادیمی و لێکۆڵینەوەی کوردستانی بەچاپ گەیەنرا. لەم ژمارەیەدا چەندیین بابەت و لێکۆڵینەوی گرنگ لە سێ بەشی جیاوازدا بە زمانەکانی (کوردی، ئنگلیزی، هەرەبی) بڵاوکراونەتەوە.

بەشی کوردی ئەم بابەتانە بڵاوکراونەتەوە:

- ❑ کە فیتنە داوێنی جیهان دەگرێت — کامەران قازی
- ❑ ونبوون لە نێو بیابانی ووشەدا– — حەکیم مەحموود نەدیم
- ❑ لە ڕەگەزەکانی مرۆڤ ( ڕەگەزی ئاری و کوردی ) — ئاسۆ گەرمیانی

وە لە بەشەکانی تریش هەموویان پەیوەستن بە ڕۆشنبیری کوردیەوە. ئەم گۆڤارە لە لایان بەڕێزان: خالید یونس و خاتوو فائیزە سلێڤانی دەردەکرێت: لە شاری ئۆپسەلا ی سوێدی.

---

- ❑ لە ئوسترالیا ژمارەیەکی نوێی ڕۆژنامەی – کورد – دەرکەوت , کە چەندیین بابەت و لێکۆڵینەوەی تێدا بڵاوکراوەتەوە: دیارە ئەم ڕۆژنامەیە لە لایان بەڕێز حوسێن خۆشناوەوە دەردەچێت, وە بە یەکەمیین ڕۆژنامە دادەنرێت کە لە ئوسترالیا دەردەکرێت.

کوردستان نێت